# تیرۆر لە عێراقداو گەندەڵیی لە کوردستاندا !

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com
16-09-2005

ئەوە چییە وا لە ناخی مرۆڤ دەکات ، کە بچێ خۆی بتەقێنێتەوە لەناو ئاپۆرەی کۆمەڵێ کرێکاردا، لەگەڕەکی کازمییەی بەغدا؟ ، کەبەیانی زوو لەخەو هەڵساون بۆ ئەوەی بچن چانسی خۆیان تاقیبکەنەوە ، کە ئایا ئەو رۆژە کاریان دەست دەکەوێت ،یان نا. کابرایەکی ئیسلامیی ، خۆی لێیان دەکات بە خاوەن پرۆژە و بەئۆتۆمبیلێکەوە دەچێتە ناویانەوە بانگیان لێدەکات بۆ ئەوەی زۆرترین کرێکاری لێ کۆببێتەوە تا زۆرترین ژمارەیان بکات بە قوربانی حەزی تیرۆریستانەی ئەمیرەکانی ئەمەویی و عەباسیی و ئەهلی سوننە . ئەوە جگە لەشۆڤێنیزمی عەرەبیی و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیی زیاتر، شتێکی تر نییە!.

مرۆڤ ئەگەر بۆ ساتێکیش بیهێنێتە بەرچاوی خۆی ، موچرک بە ناخیدا دەگوزەرێ،بیرێک لەوانە بکاتەوە ، وەک کرێکار لەگەڵ کازیوەی بەیانیاندا دەچن بۆ پەیداکردنی پاروویەک نان ، بۆ نزیک بوونەوە لەدەمی کابرایەکی تیرۆریست ودەکەونە پاڵنانی یەکتر ،بەنیازی ئەوەی کاریان دەست بکەوێت و بە کەساسیی نەگەڕێنەوە ناو ماڵ و منداڵ و کەسوکاریان و پێیان نەڵێن کاریشتان دەست ناکەوێ . چ وێرانەیەکە ئەو بەغدای عروبەیە ، تەنها شیعەبوون بتکاتە گۆشتی برژاوی بەرەبەیانی کەنارەکانی دیجلە. چ قەسابخانەیەکە ئەو شارەی بە ( اسوار) دەورە دراوە و ئێستا تێکۆشەرە بەعسییەکان و ئیسلامییە سوننەکان و زەرقاوییە تەکفیرییەکان پێکەوە مەنجەنیقیان بۆ شیعە جۆشداوە تیایدا.

ئەم پەیامە رۆژانە خۆی دەیان جار دووبارە دەکاتەوە ، ئەو عێراقەی کە ئەمێریکاو بریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبیی و حیزبە کوردییەکان و شیعەکان دەیانەوێ دروستی بکەنەوە ، جگە لە کارەسات و خەڵتانبوون لەخوێندا، جگە لەخەون و کاتبەسەربردن نەبێ هیچی تری لێ سەوز نابێت. ئەو سیستانییەی لەسەردەمی بەعسدا گارەی ناکرد و بەیەکجاریی لەگۆ کەوتبوو، ئێستاش کە زمانی کراوەتەوە، تەنها بۆ گیانی کورد ئازایە و ددانی خێر بەکورددا نانێت، فەتوا لەسەر فەتوا دەریدەکات بۆ بنکۆڵکردنی خەونی سەربەخۆیی کوردستان و گەرانەوەی کەرکوک و ناوچە تەعریبکراوەکان بۆ کوردستان و هاندانی شۆڤینیزمی عەرەبیی و تیژکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی لەدژی خواستی زۆرینەی رەهای گەلی کورد . لەکاتێکدا جگە لەبۆڵەبۆڵ زیاتر ، نقەی تری لێوەی نایات ، بەرامبەر ئەو هەموو کۆکتێلە لەتیرۆریزمی ئیسلامیی و بەعسییەکان ، هەمیشەش خەریکی ئەوەیە دەست بە پیرۆزراگرتنی یەکێتی خاکی عێراقەوە بگرێ . لەکاتێکدا چووە کەلی ئەهریمەن و نەهاتە خوارەوە ،هەتا نەتەوە یەکگرتووەکان ، داخوازییەکەی ئەویان لە دەستەبەرنەکردنی فیدراڵیی بۆ کوردەکان، بەدیهێنا .

کوشتنی تەرو وشکی شیعە لەلایەن ئەهلی سوننەوە،کوشتنی دەیان کرێکاری شیعە لەلایەن تیرۆریزمی ئیسلامییەوە، لەتۆڵەی کوشتنی تیرۆریستەکانی تەلەعفەردا ، تەنها یەک پەیامی روونی لەمەغزادا هەیە و یەک رێگەچارەی سیاسیی لە پێشەوەیە ، ئەویش شەقوپەقکردنی عێراقە ، جیابوونەوەی شیعەیە لەعێراق و بردنی باشووری عێراقە ،شیعە دەبێ تێبگەن دەبێ بۆ خۆیان حوکمی خۆیان بکەن . ئەو پەیامانەی کە سیستانیی دەیدات،ئەگەر نیوەی شیعەش تەواوبکەن، نابنە جەمسەری شەڕی ناوخۆ، مەسەلە حیکمەت و دوورنمایی و سیاسیی بوونی ئەو پیشان نادات، ئەوەندەی خولیاو خەونی قەڵەمڕەویی شیعەی لەمێشکدایە لە

پانتایی عێراقدا . ئەوە کارێکی ژیرانەیە ، کە تیرۆری بەعسییەکان و ئیسلامییەکان بە تیرۆر وەڵام نەردێتەوە و خۆدوورگرتن لە شەڕی ناوخۆ ، ئازایەتیی و ژیریی و دووربینییەکی زۆرو قووڵی دەوێت . بەڵام ئایا ، سیستانیی، بەڕاستیی دژی شەڕی ناوخۆیە و دژی کوشتارگەکان و قەسابخانەکانی عێراقە، ئەگەر وایە، ئەی بۆچیی بێ دەنگە لەئاست ، سەرەڕۆییەکانی گرووپەکەی موقتەدا سەدردا کە لەگەڵ بەعسییەکاندا پێکەوە وێنەی سەدام هەڵدەگرن ، دژی ئاساییکردنەوەی کەرکوک و دژی دەرکردنی عەرەبە هاوردەکانی کەرکوکە ، ئایا ئەو هاوپەیمانییە چییە لەنێوان شیعەو سوننەی عەرەبدا لەکەرکوک ،جگە لە هەستی شۆڤینیست بوون زیاتر، لەکاتێکدا لەشوێنەکانی تری عێراقدا ، بەخوێنی سەری یەکتر تینوون .

گەلی کوردی ئازادیخواز ، بۆ ئەوەی لەشەڕی ناوخۆ دووربکەوێتە ولوبنانێکی تر دووبارە نەبێتەوە، کارێکی زۆر باش دەکات، تا ئێستا بێ دەنگیی هەڵبژاردووە، لەبەرامبەر قەتلوعامی سەدان کورد ، سەربڕینی دەیان کورد، بەدەستی بەعسییەکان و ئیسلامییەکان و عەرەبە ناسیونالیستەکان، بەڵام ئەم نەرمونیانییەی،نابێت دەسکەوتە سیاسییەکانی لێ زەوتبکات . دەسەڵاتی سیاسیی کورد دەبێت زیاتر پەلە بکات لە گەڕاندنەوەی کەرکوک و سەرجەم ناوچە تەعریبکراوەکانی تردا بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، تا یەک ڕۆژ زووتر کەرکوک بگەڕێتەوە ، یەک ڕۆژ زووتر لە سەربەخۆیی یەکجاریی نزیک دەبینەوە. ئەگەر ئەو سەربەخۆییە دەیان ساڵی تریش بخایەنێت .

سەرکردایەتی سیاسیی کوردیش، ئەگەر شانازیی بە دیمۆکراسییبوونی کوردستانەوە دەکات ، ئەگەر شانازیی بە مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەکانەوە دەکات، دەبێت لێی روون بێت، خەڵکی کەرکوک و ناوچە کوردنشینە تەعریبکراوەکان، هەزار گومان لەو گەڕانەوەیە دەکەن ، بۆ کوردستانێک، پاسەوانەکانی قائیمقام و ئاسایشەکان ، تەقە لە خۆپیشاندەرانی سیڤیلی کوردەکانی ڕۆژهەلات لەسلێمانیی و خەڵکی کەلار بکەن ، ، گەڕانەوە بۆ کوردستانێک کە بەدەیان داواکاریی پێشکەش بکەیت ، بۆ مۆڵەتی خۆپیشاندان ، بەرپرسە لۆژیک پیرەکانی سێ چوار دەیە لەمەوپێشی شاخ ، بۆ سازدانی خۆپیشاندانێکی جەماوەریی ، دژی گەندەڵیی و دزیی و تاڵان و برۆی هەندێ بەرپرسی بەهیچ تێر نەخۆر، نەک هەر گێچەڵ بە ڕێکخەرانی خۆپیشاندەران دەکەن ،بگرە هەزاران بروبیانووت بۆ دەهێننەوە بۆ خۆدزینەوە و ڕێگەگرتن لە هەڵسوڕێنەرانی خۆپیشاندەران بۆ جێبەجێنەکردنی سەرەتاییترین مافی مرۆڤ ، کە دەربڕینی ناڕەزایەتییە بەشێوەی خەباتی جەماوەریی لە ڕێگەی خۆپیشاندانەوە .

گەندەڵی ئیداریی لەکوردستاندا ، لە هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ، بەئەندازەیەکی ئەوەندە ترسناک گەیشتووە، کە جامی پەستیی و توڕەیی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستانی پڕکردووە ، بازرگانیی و کەڵەکەکردنی سەرمایەی بێ ئەژمار لە ئەوپەڕی بێ دیسپلینیی و بێ ویژدانییدا لەناو بەشێکی زۆر لە بەرپرسەکانی کوردستاندا بەشێوەیەکی سامناک ڕۆژ لەدوای ڕۆژ برەوی هەیە ، لەپەنای بازاڕی ئازاد و کەرتی تایبەت و ئازادیی بازرگانییدا ، سەدان و هەزاران گەندەڵیی وەک دەردێکی کوشندە ڕۆژانە تەشەنە دەکات. لەکاتێکدا نەمان بینی یەک وەزیر، یەک بەڕێوەبەر، یەک بەرپرسی حیزبیی بدرێتە دادگا و بخزێنرێتە کونجی زیندانەوە ، سەرەڕای ئەو هەموو خەرمانە لە گەندەڵیی ئیداریی و بێ سەروشوێنکردنی ئەو هەموو پارەیەی دێتە کوردستانەوە .

کاتی ئەوە هاتووە، کەبەکردەوە ، نموونەی دیمۆکراسیی و مافی مرۆڤ و خۆشگوزەرانیی لەکوردستاندا بەخەڵک پیشان بدرێن، نەک هەر لەچوارچێوەی دروشمی ناو وتاری ڕۆژنامە و میدیاکانی حیزب و حکومەتدا

یەق بکەنەوە . کاتی ئەوە هاتووە، چیتر شێرو رێوی بۆ خەڵک نەهێنرێتەوە لەسەر گێرەشێوێنی خۆپشاندەران، بەڵکوو دەبێت ،ئەو بەرپرسانەی کە فەتوایان دا ، تەقە لەخەڵک بکەن و بەگوللە وەڵامی بێزاریی خەڵک لە بێ کارەبایی و بێ ئاویی بدەنەوە ، بدرێنە دادگا و رەوانەی زیندان بکرێن . کاتێ ئەوەش هاتووە ، دەسەڵاتی سیاسیی کورد تێ بگات، بە بێژنگی هەشتاکان و نەوەدەکان ، بەری خۆری ئاگایی کۆمەڵانی خەڵک ناتوانێت بگرێت و ئەفسانەی دەسەڵاتی شاخ و بەرێوەبردنی ژیانی خەڵک لە رووی خزمەتگوزاریی و یاساییەوە ،دوو سەردەمی جیاوازن و نەوەی نوێ تاسەر لە دەسەڵاتی قبووڵ ناکات، کە مۆنۆپۆلی دەسەڵات بەهەموو وردەکارییەکانییەوە لە کۆمەڵێ پیاوی کەنەفت و بەرچاوتەنگ و سەراپا نغرۆ لە گەندەڵییدا چڕبووبێتەوە.